بارزانی و تەم باراک پێوەندییەکی تەلەفونیان ئەنجامدا

ئەمە هەینی ،مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی و تەم باراک نیردەی تایبەتی سەرۆک ترامپ بە کاروباری سوریا ئەمە پێوەندییەکی تەلەفونیان ئەنجامدا و هەردولا سوپاسی یەکدیانکرد و پشتوانیان لە ڕەکەکوتنە نوێیەکی نێوان دیمەشق و هەسەد کرد و جەختیان لە چەسپاندنی ئاشتی لە سوریادا کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکی بارەگای بارزانیدا هاتووە، لە پێوەندییەکەدا تەم باراک بە ناوی خۆی و سەرۆکی ئەمریکاوە سوپاس و پێزانینی تایبەتی ئاراستەی بارزانی کرد بە ئەو ڕۆڵ و هەوڵستە بەرچاوانەی لە هەنانەدی ئاگربەست و پشتیوانی دیالۆگ لە نێوان حکومەتی سوریا و هێزەکانی سوریای دیموکراتدا خستویانەتەوە. هەروەها ڕۆڵی بارزانی لە هەنانەدی ڕەکەکوتنی ئەمەی نێوان حکومەتی سوریا و هەسەد بەرز نرخاند.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەر لەو پێوەندییە تەلەفۆنییەدا بارزانی وەڵامی سوپاس و پێزانینی تایبەتیی خۆی بە سەرۆکی ئەمریکا و هەمو ئەو کەس و لایەنانەی کە ڕۆیان هەبوە لەوەی لە ڕۆگەی دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکرێن، پشتیوانیی خۆیشی بە ڕەکەکوتنی ئەمە هەینی دەربڕی، ئەویش لەپەناو

چەسپاندنی ئاشتی. هەروەها بارزانی سوپاس و پێزانینی بۆ تەم باراک هەبو بۆ ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی کە بۆ گەیشتن بە ڕەکەوتن و ئاشتی لە ناوچەکە بە گشتی و سوریا بە تایبەتی هەیەتی.

سەبارەت بە بارودۆخی عەراقیش تەم باراک داوای لە بارزانی کردوە کە لە دۆخی سیاسی ئێستای عەراقدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی خۆی بگێڕێت. هەروەها بارزانی جەختیکردەوە کە مەرجی سەرەکیی سەقامگیری و چارەسەری کێشەکان، جێبەجێکردنی دەستور و پابەندبونە بەوەی پێکهاتەکانی عەراق خۆیان بەیار لە چارەنوسی عەراق بدەن و سەروەری عەراق بپارێزن.